**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشـــت بە حوکمی برِگە(1)لە ماددەی (56) لە یاسای ژمارە (1) ی ســـــالّی (1992) ی هـەموار کراوو، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلـەمانتاران، ئەنجومـەنی نیشـــــتمانیی کوردسـتان – عـیراق لـە دانیشـــــتنی ژمارە (23)ی رۆژی (2008/6/3) برِیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی خوارەوەی دا:

**یاسای ژمارە(7 )ی ساڵی / 2008**

**یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجیّ بوون بۆ دانیشتوان**

**لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**ماددەی یەکەم:**

بـۆدابین کردنـی نـوا بـۆ هاووڵاتیـانی خـاوەن داهـاتی سـنووردار، وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوەو نیشتەجێکردن شوقە و خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکات و بەناویان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

**یەکەم:** بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، وەزارەتی شـارەوانی زەوی نیشـتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات، بیّ بەرامبەر بۆ ئـەوەی شـوقە وخانووی نیشتەجێبوونیان لەسەر دروست بکات.

**دووەم:** نرخی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بە پیّ ی ئەو خەرجیە دیاردەکرێت کە بـەکردەنی تێچووە لەگەڵ زیادکردنی (1٪)ی تێچووەکەی وەك خەرجییەکانی کارگێڕی . بەمـەرجێك نرخی زەویەکە ئەژمار نەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

دەبیّ ئـەو کەسـەی داوای بـە نـاوکردنی نیشـتەجێبوون دەکـات هـیچ شـوقە ، یـان خانوویـەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی بەناو نەبێت و سوودمەند نەبووبێت لـە:

**یەکەم:** هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە لـە هەرێمدا.

**دووەم:** ئەو سولفەی خانووبەرەی حکومەتی هەرێم داویەتی.

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم**: لە ماوەی سی ڕۆژ دوای ڕەزامەندی لەسەر داواکەی، داوا کاری بە ناوکردنی شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون (10٪)ی تێچووی خەملێنراوی بەرایی دەدات.

**دووەم**: ئەو بڕە پارەیەی لەسەری دەمێنێتەوە بە گوژمەی مانگانە یان ساڵانە دەیداتەوە لە ماوەیەك دا کە لە بیست وپێنج ساڵ تێپەرنەکات.

**سێیەم**: ئەو کەسەی یەکە نیشتەجێبوونەکە بە ناوی دەبێت بۆی هەیە دوای (10) ساڵ لە ڕۆژی بەناو کردنەکەیەوە بیفرۆشێتەوە بە مەرجێك ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە، یەك جێ بیداتەوە.

**چوارەم**: ئەگەر خاوەن یەکەی نیشتەجێبوون پێش دانەوەی ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە کۆچی دوایی کرد، میراتگرەکان لەو گوژمانە دەبووردرێن کە لە ئەستۆی کۆچکردوو دەمێنێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی، پارەی پێویست بۆ بنیات نانی شوقە و خانوەکانی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات.

**ماددەی شەشەم:**

دەبێ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون بە ئامادەکراوی بۆ نیشتەجێبوون رادەستی داواکار بکات لە ماوەیەك کە لە دوو ساڵ تێپەر نەکات دوای پێشەکی دانەکە.

**ماددەی حەفتەم:**

شوقە یان خانووەکەی نیشتەجێبوون لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەند بە مولکی صرف بەناوی داواکار تۆمار دەکرێت و مەرونە (رهن) دەکرێت بۆ بەرژەوەندی حکومەت بەرامبەر ئەو قەرزەی ماوەتەوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی هەشتەم:**

شوقە یان خانووی نیشتەجێبوون بەناوکراو لە ڕەسمی تۆمارکردن بۆیەك جار دەبووردرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ ئەنجومەنی وەزیرانی و لایەنەکانی پەیوەندیدار هەریەك بە پێ ی دەسەڵاتی خۆی، پێڕەوو ڕێنمایی پێویست دەربکەن بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دەیەم:**

دەبی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

## هویەکانی دانانی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دا کێشەیەکی بەر چاوو دیارە کە زۆرینەی فەرمانبەران و هاوولاتیانی کە مدرامەتی گرتۆتەوە، وەلەبەر ئەوەی هەموو هاوولاتیەکیش مافی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت و، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دا ئەم یاسایە دانرا.

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 16 ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا